





# یاساپارێزی لە نێوان ترس و قەناعەتدا

نیزام حەسەن ڕەشید

وڵاتێک گەر یاسای تێدا نەبێت، بە ژیانی دارستان دەچێت! ئەی ئەگەر یاساپارێزی تێدا نەبێت؟ بەچی ئەچێ؟ لای هەمووان ئاشکرایە، کە لە نیوەی مانگی (٥) ی ئیمساڵدا، خۆشبەختانە پرۆژە بڕیارێک لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، پەسەند کرا سەبارەت بە: کێشانی جگەرە، بەکارنەهێنانی مۆبایل، خۆنەبەستنەوە لەنێو ئۆتۆمبیل. لەلایەن برا شوفێرەکانەوە. دواتر ئەم بڕیارە لە:٥/٣١، ٦/١ چووە قۆناخی جێبەجێکردنەوە، دەرچوونی وەها بڕیارێک لەم جەنجاڵی و سەرقاڵییەی بازاڕ و زۆری ئۆتۆمبیل و کەمی و بەرتەسکی شەقامەکان، سەرەڕای دەشتخۆشانە و پێشوازی لێ کردنی، پێویستی بە پشتگیریکردنیش هەیە.

## گرینگی یاسا:

لەوەتەی مرۆڤ بوونی هەیە و دواتر پێکەوە ژیانی کۆمەڵ و هاوبەشیان بڕیار داوە، ژیان خواستویەتی کە یاسایەک هەبێت، تاکو بە چاوپۆشین لەهەر جیاوازییەک، هەمووان لەسایەی خۆیدا لە ئامێز بگرێت، تا ئاستەنگەکانیان لابدات و دەستبەبەری مافەکانیان بۆ بکات.هەڵبەتە کە باس لە یاسا دەکرێت، وشەی هەمووان دێتە بەر زیهن، چونکە دەرەنجام و دەرهاویشتە باشەکانی یاسا خزمەت بە گشت لایەک بکات. یاساش ئەوکات ئامانجەکانی دێتە دی کەبەسەر هەمووان وەک یەک جێبەجێ بکرێت، لەلایەکی تریشەوە هەمووان لای خۆیانەوە ڕێزی لێ بگرن، چونکە یاسا چەندە گرینگ بێت، جێبەجێکردن و پارێزگاری لێ کردنی پیرۆزتر.
کەچی لە بەرانبەر باشییەکانی یاسا و سوودەکانی، سەرکەشی تاک بەرانبەر بە یاسا دیاردەیەکی خراپ و دزێو بەرچاوە. جێی داخە ئەمڕۆ هاووڵاتی پەی بە کەڵک و باشییەکانی یاساپارێزی نەبات، هەوڵ نەدات لە ڕێگەی زانینی ئاکامەکانی یاساوە، بە بڕواوە کاری بۆ بکات. لەبڕی تێگەیشتن و لەناخەوە بڕیاردان، بەرانبەر ناچار بەکارهێنانی سزا بکات، کە سزا لە بنەڕەتدا کارێکی نەخوازراوە و پاشکۆی یاسایە، دەشێت مرۆڤ ڕووی تێ نەکات و لە دەرگای نەدات.

## سەبارەت بە یاساکەی پەرلەمان:

یاسا لە ئاینە ئاسمانییەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ و دابەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، پێشنیاری خەڵکانێکی دڵسۆز بە گەل و نیشتمانە و زادەی تاوتوێ و گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنێکی وردە، ئەوا سەرلەبەری مایەی خێر و خۆشییە و چەترێکە، هەمووان لەتاوە بارانی تاوان دەپارێزێت، لێرەوە چەند سەرە قەڵەمێک هەنبەر ئەو چەند یاسایە:

- خۆبەستانەوەی شوفێرێک، نەخاسمە لە هێڵەکانی دەرەوە لە ڕێژەی ١٠٠٪ لە بەرژەوەندی شوفێرەکە تەواو دەبێت، کەچی لەلایەن زۆربەی شوفێرەکانەوە تەنیا لە نێو بازاڕ و سەنتەری شار ( حەتمەن لە ترسی پیاوانی پۆلیسی هاتوچۆ) ئەم کارە ئەنجام دەدرێت، هۆیەکەشی یاساپارێزی نییە، بەڵکو ترس لە سزای پارەکەیە.
- نەکێشانی جگەرە لە نێو ئۆتۆمبیلێکی بەرتەسکدا، بەر لە هەر کەس شوفێرەکە لێی سوودمەندە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرکات ئەگەر بوونی کەسێکی ناساخ و تەندروست خراپ و نەخۆش، برای شوفێر بە دووکەڵی جگەرەکەی تووشی زیانێکی بێ وێنەی دەکات، کە ئەمەشیان پێشێلکردنی مافی مرۆڤە.
- بەکارنەهێنانی مۆبایل لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل، ئەگەری ڕزگار بوون لە ڕووداو و پێشهاتە تاڵ و لەناکاوەکان زیاتر دەکات.

## هەڵاتن لە یاسا تاوانە:

هەڵاتن لە یاسا تاوانە و کارێکی مەترسیدارە، بەڵێ مەترسیدارە، کاتێک هاووڵاتی بەرانبەر یاسای پەرلەمانێک کە هەڵبژێردراوی خۆیەتی لە وڵاتێک کە نیشتمانی خۆیەتی، لە یاسا رابکات و ئامادەی جێبەجێکردنی نەبێت، بەڵام بەهۆی ترسی سزای پارە، لەماوەیەکی کورت و کەمدا جێبەجێی بکات، ئەوەیان جێی داخە. چونکە دەبوایە ئەوەیان لە هەستکردن بە لێپرسراوییەتی نیشتمانییەوە سەرچاوەی بگرتبایە.
بۆیەش ئەوەی قەناعەت بە مرۆڤی دەکات، ترس ناتوانێت بیگۆڕێت. لێرەوە پرۆسەی پەروەردە کردنی تاک وەکوو چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ پێشگری لە هەر گرفتێک و دەسپێکێک بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست، بە گرینگ زانراوە لە هەر وڵاتێکدا، هەربەک لە ژینگەکانی خێزان و کۆمەڵگا و قوتابخانە، بەپێی کات و قۆناخەکانی مرۆڤ، پشکداری ئەم ئەرکەن